# ئاسۆی ڕوونی بلۆکچاین و ئۆپن سۆڕس (Open-Source) وەک ئارمانی ڕزگاریی! (سیاسی-تکنیکی)

ئەیوب ڕەحمانی (ئازادبیر) ٢٨ی بەفرانباری ٢٧١٨

**شۆڕشێکی تێکنۆلۆژیکی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، شۆڕشێک کە هێشتا لە قۆناخە سەرەتاییەکانی خۆیدایە، نە شەبەحە و نەجادووجەنبەڵ و نەهێز و قوودرەتی دەوڵەتیی یا بانکیی لەپشتە، بەڵکوو ناموتەمەرکیز و خەڵکخاوەنە. ناوی بلۆکچاینە! بلۆکچاین نەهاتووە کە خۆیمان نیشانبدات و ئەوجار بزربێت، بەڵکوو هاتووە بمێنێتەوە و پەرە بستێنێت و جیهان بگۆڕێت! ئەم تێکنۆلۆژییە نوێیە هەروەها نەهاتووە جیهان دووقووتبی و لەمەزیاتر قووتبیتر بکاتەوە، وەک ئەوەی دوو ئایدیۆلۆژییە دەسمایەداریی و سوسیالیستییەکان کردییان، بەڵکوو هاتووە خەڵکی جیهان یەکبخات! بلۆکچاین ئەگەرچی خۆی هیچ ئایدیۆلۆژییەک نییە، بەڵام هۆگرانی وەکوو ئارمانێکی جیهان وەتەنی و ئینسانگەرایانە لێی ئەڕوانن و سیاسەت و بیرۆکەیەک کە لەپشتییەوە بوو و بووەهۆی لەدایکبوونی، هەمان ئارمانگەرایی ئینساندۆستیی و گەڕانەوەی سامان بۆ ئینسان بوو، ئاخر زیاتر لە ٢ میلیارد ئینسان تەنانەت حیسابێکی بانکیشیان نییە، بەڵام ئەم حەشیمەتە تەنیا بە کەڵکوەرگرتن لە یەک هەندیی ئەبنە خاوەن بانکی خۆیان، (دوواتر دێمەوە سەر ئەمباسە)! ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن باشە خۆکومونیستەکانیش جیهان وەتەنن و درووشمیان کرێکارانی جیهان یەکبگرنە، بەڵێ ئەمە ڕاستە، بەڵام کومونیزم وێڕای هەموو دڵسۆزییەکانیان بۆ مرۆڤایەتیی، ئایدیۆلۆژییەکی موتڵەقگەرایانەیە، لەنەزەر "تکنیکی سیاسییەوە" ئیرادی هەیە کە ڕێگا لە کارکردی ئەو ئەگرێت، بڕوای بە ماتریالیزم هەیە و بەشی مانەویی و ڕوحانیی یا سپیریتوالی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە، هاوکات شەڕانخوازە، واتە بڕوای قووڵی بە قەهری ئینقیلابی و شۆڕشی چەکداریی و دیکتاتۆڕیی پرۆلێتاریا هەیە و خاوەنداریێتی تایبەتی تاک (مالکیت خصوصی) ڕەتدەکاتەوە، لەحاڵێکدا ئارمانگەرایی ئینساندۆستیی، مرۆڤەکان لە بیروبڕوایاندا ئازاد دەهێڵێت و هاوکات شەڕانخوازیش نییە، بەڵکوو نافەرمانییە مەدەنییەکان و خەباتی سەر شەقامەکان و هاوکات کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی ئۆپنسۆڕسیش کە نوێیە و پێیزیاد بووە، هەموو ئەمانە فۆڕمێکی دیکە بەم خەباتە ئەدەن وەک ئەوەی لە بزووتنەوەی ٩٩٪ و ئۆکووپی واڵستڕیت بینیمان و هەر ئێستاش لە وڵاتی فەڕانسە جووڵانەوەی جلیقە زەردەکان ئەبینین، هاوکات بەدووای دابەشکردنی عادڵانەی سامانیشەوەیە.**

**بلۆکچاین لە جەرگەی قەیرانە گەورە داراییەکەی ساڵی ٢٠٠٨ کە جیهانی دەسمایەداریی و سوسیالیستیشی سەرتاسەر تەنیبووەوە، لەدایکبوو، بەم هیوایەی مرۆڤ لەدەست ئەم قەیرانانە ڕزگاریی بێت. یەکەمین مناڵی سەربێشکەی بلۆکچاین ئەرزێکی دیجیتاڵیی نوێی دێسێنتڕاڵی هەتیومانەند بوو کە بنیاتنەری بلۆکچاین، ناوێکی تا ئێستاش نەنانسراو، بەناوی [ساتۆشی ناکامۆتۆ] ناوی لێنا [بیتکۆین] ([BitCoin]). بیتکۆین دە ساڵی تێپەڕاند و پێی نایە ناو یازدەهەمین ساڵی سەرهەڵدانییەوە. ئەمە خۆی بەهانەیەکی چاکبوو تا چاوێک لە ڕابردووەکەی بکەین و بیرێکیش لە داهاتووی ئەم پەدیدە نایابە بکەینەوە! بە بڕوای زۆرکەس و لەوانە منیش بلۆکچاین وەک باسیکرا یەکێک لە هەرە گرنگترین شۆڕشە مۆدێڕنەکانی ئەم سەردەمەیە و ئایدیای ئۆپنسۆڕس (Open-Source) یا کراوەیی و سەرئاوەڵایی، چەمکی خاوەنداریێتی تایبەتی یا هەمان (مالکیت خصوصی) کە کاڕل مارکس هەوڵی نەهێشتنی دەدا، سەرلەنوێ ئەنووسێتەوە! ئایا ئەبێ هیوادار بین کە ئەو شەڕەی دوو باڵی دەسمایەداریی و سوسیالیستی لە سەرتاسەری سەدەی بیستەمدا بەسەر مرۆڤایەتیان تەحمیل کردبوو و کردووە ئاقبەت کۆتایی پێدێت و دەروازەیەکی هیومانیستی نوێ بەڕووی مرۆڤایەتیدا ئەکرێتەوە؟ من پێموایە وادەبێت و هەربۆیەشە ڕاست و چەپ، نیزامە دەسمایەدارییەکان وەکوو ئەمریکا و ئوروپا و سوشیالیستییەکانیش وەکوو چین و ڕوسییە، هەردوولایان هەر لە دژی ئۆپنسۆڕس وێستاون و گرفتی دەستوپێگیری بۆ پێکدێنن و بەرد دەخەنە بەر چەرخەکانی، بەڵام ئایا لەمەشدا سەرکەوتوو دەبن؟! منیش وەک هەموو هاوبیرانی [بزووتنەوەی ٩٩٪] و [ئۆکووپی واڵستڕیت] و [سایفرپانک] و [جلیسقە زەردەکانی] فەڕانسە و هتاد دەڵێم کە هێزی سەرەکی ئێمەین، ئێمەی ٩٩٪ی خەڵکی جیهان و نەک ١٪ دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند، بۆیە وەرنە ڕێزمان و با بۆ پێشەوە بەرەو مرۆڤایەتی بە بلۆکچاین و ئۆپنسۆڕس ڕیبپێوین! نە شەرقی و نە غەربی، نە سەرمایەداریی و نە سوسیالیستی، نا بۆ ئایدیۆلۆژیی و مووتڵەقگەرایی و سێنتڕالیزم یا مووتەمەرکیزگەرایی، بەڵێ بۆ ئارمانگەرایی ئینساندۆستیی و بەرەو ئەشق و خۆشەویستی، بەرەو هیومانیزم، بەرەو دابەشکردنی عادڵانەی سەروەت و سامان، بەڵی بۆ دێسێنتڕالیزم یا ناموتەمەرکیزگەرایی!**

تێبینی پێشەکی: ئەمباسە هەندێک تکنیکیشە و ڕەنگە وشەگەلێکی تێدابێت کە لە کوردیدا نیمانن، من ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم بە زمانێکی پاراو بنووسم، هیوادارم تێیدا سەرکەوتوو بم، هاوکات ناسینی ئەم وشانە زۆریش گرنگن بۆ داهاتوو، با هەوڵبدەین بیانناسین! بۆ کەسانێک کە ئینگلیزی بزانن، یاخود پێشتر [سپینامەکەیان] خوێندبێتەوە، ئەمباسەش ساکارترە بۆیان! هاوکات پێویستە ئاماژە بەمەش بکەم کە مرۆڤ بەرەو تێکەڵبوونی خۆی و هۆشی دەسکرد ئەڕوات، مرۆڤ بەرەو بوون بە تڕانس هیومانیزم هەنگاو هەڵدەگرێت. کارم بە باش یا خراپەکەی نەداوە، ئەمە شتێکە کە لەسەر ڕێمانە! بیرۆکەی تڕانس هیومانیزم ئەگەرچی ئەگەڕێندرێتەوە بۆ فریدریخ نیچە فەیلەسوفی ئاڵمانی و باسی سوپەر مرۆڤەکەی ئەو کردیی، بەڵام پسپۆڕێکی بیۆلۆژیک و ئۆیگێنیکر (پسپۆڕی ئیسڵاح نەژادیی) بەناوی جولیان هاکسلی ساڵی ١٩٥٧ لە کتێبەکەیدا بەناوی (*New Bottles for New Wine*) دەستەواژەی تڕانس هیومانیزمی

شیکردۆتەوە و لە کتێبەکەیدا کاپیتڵێکی بۆ ئەم باسە هەر بەم ناوەش واتە ترانس هیومانیزم تەرخان کردووە، ناوبراو بەمشێوە تاریفی ترانس هیومانیزم دەکات: "ترانس هیومانیست مرۆڤێکە کە بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتێکی تکنیکیی کە بۆخۆی (درووستکراوی دەستی مرۆڤ خۆی) درووستیکردوون، بەرتەری و هێژمۆنی خۆی دادەسەپێنێت، لەکاتێکدا کە لەنەزر هزری و بینشییەوە مرۆڤ ئەمێنێتەوە! ئەڵبەت دەوڵەتە بەهێزەکان لەهەوڵی ئەمەدان کە بە ئاڵووگۆڕی ژنێتیکی سەربازەکانیان و بەکارهێنانی کەرەستەگەلێک بۆ بەهێزترکردنیان، سوپەر سەربازی ئازا و شەڕکەر و نەترس یا تەنانەت نەمر درووست بکەن، کە ئەمەش خۆی باسێکی بەربڵاو و جیاوازە، بەس ویستم هەرتەنیا بەناولێبردنی بەسەریا تێنەپەڕیم!

دە ساڵ پێش ئێستا لە ۳ی یەکی ۲۰۰۹ یەکەمین بلۆکی زنجیرەی ئێلێکترۆنیکی یا بلۆکچاین پاش ئەوەی پێشتر سپینامەکەی لە مانگی نۆڤێمبری ۲۰۰۸ لە لایەن کەسێک یان کەسانێکی نەناسراو بە واژۆی ساتۆشی ناکامۆتۆ بڵاوکرابووەوە (بۆ خوێندنەوەی بە کوردیی کلیک بکە سەر ئێرە یاخود ئێرە)، عەمەلەن پێکهێنرا و یەکەمین بلۆکی ئەم زنجیرە بلۆکانە بەناوی بلۆکی جێنێسیس هاتە دنیای مەجازییەوە بۆ ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینترنێت و بە درووستبوونی خۆی یەکەمین ۵۰ بیتکۆینیش کە وەک خەڵاتی ماینینگ لەلایەن سیستمەوە ئەبەخشرێتەوە یا ڕێووارڕد ئەکرێت، بوو بە واقع لە جیهانی مەجازیدا. پێویستە هەر لێرەدا ئاماژە بەمە بکەم کە ئەم خەڵاتی ماینینگ یا ئیستیخراجکردنە هەر چووارساڵ نیوە ئەبێتەوە، لە سەرەتاوە پاداشی هەر بلۆکێک، کە هەر ۱۰ خوولەک یەکدانە پێکدێت، ۵۰ بیتکۆین بوو و لە مانگی نۆڤێمبری ۲۰۱۲ەوە بووە ۲۵ بیتکۆین تا مانگی حەوتی ۲۰۱٦ و ئێستاش بۆتە ۱۲,٥ بیتکۆین بۆ ئیستیخراجی هەر بلۆکێک و پاش ئەمەش ئەبێتە ٦,۲٥ و تا کۆتا بیتکۆین کە بڕیارە لە ساڵی ۲۱٤۰ ئیستیخراج بکرێت. وەک وترا لەناو زنجیرەبلۆک یا بلاکچاینی بیتکۆین، هەر دە خوولەک یەک بلۆک پاش حەلکردنی ئالگۆریتمێکی ئاڵۆز بەناوی شا ۲٥٦ (SHA-256) کە لەسەر ئەساسی هەڵکەوت دێتە ئەنجام، ئەخووڵقێت، وە هەر نۆد یا ماینێرێک کە ئەویش هەر کۆمپیوترە و دەستی مرۆڤی تێدانییە، ئەم مەسەلەی حەلکرد و بلۆکێکی بەشێوەی خۆسەر خووڵقاند، کە بەم کارەش ئەکووترێت سەلماندنی کارکرد یاخود پرووف ئاف وۆرک، ئەوجار خەڵاتەکەش ئەڕژێتە ناو پابلیک کەی یا ئەدرەسی بیتکۆینەکەیەوە کە پێشتر داوییە بە سیستمەکە! کەسێک کە بیتکۆین یا هەر ئاڵتکۆین و تۆکنێکی دیکە دەکڕێت یا سەرمایەگوزاری دەکاتن (کە وریایی تەواو پێویستە لەمبووارەدا)، پێویست ناکات ئەم باسە تکنیکییانە بزانێت، ئەگەر بیانزانێت باشترە، بەڵام نەشیانزانێت هەر ئەتوانێت مەعامەلەی ئەرزە دیجیتاڵییەکان بکات. وەک سیستمی پوڵیی لەوڵاتێکدا، ئایا هەموو تاکێکی کۆمەڵگا ئەزانێت پارە چۆن درووستدەکرێت و چ ئەساس و بنەماگەلێک لەپشتی خەوتوون؟ ئەگەر بزانێت کە باشە، بەڵام نەشزانێت هەر ئەتوانێت بە پوڵ مەعامەلە بکات، لێرەدا زانینی مەعامەلەکە گرنگترە تا ئەوەی بزانیت ئەم ئەسکەناسانە چ کەینوبەینێکیان لەپشتە! دوواتر دێمەوە سەر ئەمباسەش!

**پرسیار ئەمەیە کە پاش ۱۰ ساڵ لە سەرهەڵدانی ئەم پەدیدە نایابە بەناوی بیتکۆین چ ئەتوانین لەبارەیەوە بڵەین و بۆچی من بە پەدیدەیەکی نایابی ئەزانم؟!**

سەرەتا ئەبێ ئەمە بڵێم کە بلۆکچاین تێکنۆلۆژییەکی هەرە نوێیە کە لە مێژ بوو جێگای بەتاڵی ئەو هەست پێکرابوو و پاش سەرهەڵدانەکەی هەندێک کەسایەتی بوواری کریپتۆگرافی یاخود ڕەمزنیگاریی وەک موکەملی ئینترنێت ناوزەدییان کرد و تەنانەت بە ئینترنێت ئێڤۆلووشن یا سەیری تەکامولی ئینتێرنێت ناویان لێدەبرد و وتیان بلۆکچاین هاتووە کە بمێنێتەوە و ئەو شۆڕشەی لە مارکسەوە سەریهەڵداوە ئاقبەت کاملی بکات و بە سەرئەنجامی بگەیەنێت و نیزامی دسمایەداریی بۆهەمیشە بتۆپێنێت و لەگۆڕی نێت! هەربۆیە وەک باسیکرا هەندێککەس، بووارێکی ئارمانگەرایانە ئەدەن بەم شۆڕشە نوێ دیجیتاڵییە، لەبەر ئەوەی پێیانوایە بلۆکچاین و تەنانەت خوودی بیتکۆینیش وڵامێکن بە پرسیارێکی بێ وڵامی هەرە کۆنتر، چۆن؟!

بۆ ئەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، پێویستە هەندێک بگەڕێمەوە دوواوە، زۆر کۆنتر لە قەیرانی دارایی ۲۰۰۸ و تەنانەت ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ کۆنفرانسەکەی برێتن وودزی ساڵی ۱۹٤٤ لە ئەمریکا کە لەوێ لە کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی و بەرتەریی سیاسی، نیزامی ئابووری ئەمریکا، نیزامێکی ئابووریی ئەمریکایی دەسمایەداریی لەسەر تێئۆرییەکانی هێری دێکستر وایت و جۆن مینارد کینز پەسەند کرا. (پێشتر لەمەڕ ڕووداوی برێتن وودز پۆستێکم لە فەیسبوک داناوە!) تەنانەت پێویستە بگەڕەینەوە بۆ شۆڕشەکانی فەڕانسە و کەرەستەسازیی بریتانیا و سەرەتای لەدایکبوونی نیزامی دەسمایەداریی و ئانتی تێزەکەی ئەو واتە سوسیالیزم. کاتێک ئێمە لە قووڵایی مێژووی نیزامی دەسمایەداریی و سوسیالیستی ڕۆدەچین، ئەتوانم بڵێم کە لە هەردووکیاندا ئامانج دیاریکراوە و باس لە خۆشبەختکردنی مرۆڤ دەکەن، بەڵام لە کردەوەدا ئەیبینین کە وانییە! دەسمایەداریی باس لە "ئازادیی و نرخی تاک" ئەکات و دارایی و خاوەندارێتی تایبەت یا مالکیت خصوصی لەم نیزامەدا گرنگی پێدەدرێت و فاسیلەی چینایەتی تا هاتووە هەر گەورەتر و گەورەتر بۆتەوە، واتە دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر بوون و هەژاران هەژارتر و پێشیان زیاد بووە و لەولاشەوە پەیرەوان و هۆگرانی سوسیالیزمیش بەشوێن "یەکسانیی تاک"ەکان و یەکگرتوویەوەن و خاوەندارێتی تایبەت ڕەت دەکەنەوە و بەشوێن بەدەوڵەتیکردنی هەموو سامانی کۆمەڵگاوەن و ئەگەر هەندێک بیشووبهێنین و لێیورد ببینەوە، ئەبینین کە بەتەمان لەناو کۆمەڵگادا سیستمی مێروو و هەنگ بەرێوە بەرن کە لەوێ هەموو کرێکارن، مەلەکەکان نەبن! ئەمەش بێجگە لە گرفتە ئایدیۆلۆژیکییەکەیان کە لە سەرەوە هەندێکم باسکرد. هەردوو سیستمەکە، ئەگەر بمەوێت بێلایەن بدوێم، لەئەساسدا قسەی باشیشیان پێیە و باس لە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام لەسەر کۆمەڵێک ئاسپێکتی تایبەت تەرکیزیان کردووە و لە کردەوەشدا مرۆڤایەتییان تووش زیان و قەیرانی هەرە گەورە کردووە!

ڕەخنەگرەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەئکیدیان لەمە دەکردەوە کە هەردووک سیستمەکە خۆیان لەناوخۆیاندا لەق و پرووکاون. هەردوو سیستمەکە هەرکام بە شێوەی خۆیان بەرەو کۆکردنەوەی هێز و دەسەڵات لەدەست کەمینەیەکدان. لەبابەت دەسمایەدارییەوە لە خزمەت ئۆلیتە دەوڵەمەندەکان و کارتێل و کارخانە و فابریکە گەورەکاندایە و ئەمڕۆ دەرکەوتووە کە زۆربەی سەروەت و سامانی جیهان بەدەست تەنیا یەک لەسەرسەدیی ١٪ دەسمایەدارەکانەوەیە و ٩٩٪ دەرسەدەکەیتر هەموو پێکەوە باقی سەروەتەکەیان بەدەستەوەیە و ئەمەش کارەساتە! وە لە نیزامی سوسیالیستیشدا هەوڵەکان بۆ دەوڵەت باوکن، واتە بەدەوڵەتی کردنی هەموو شتێک لەدەست کەمینەیەک بەناوی دەوڵەت، ئەویش واتە کومیتە ناوەندیی حیزبی کومونیست، وەک لە چین و کوبا و شۆرەویی کۆن و یوگوسلاوی کۆن ئەمانبینین! هەم سوسیالیزمە واقعەن مەوجوودەکان و هەمیش نیزامە دەسمایەدارییە واقعەن مەوجوودەکان کە لە سەرتاسەری سەدەی بیستەمدا هەردووکیانمان ئەزموون کردوون تا ئێستاش، وەک بینیومان و ئەیانبینین، ناتوانن درووشمە خەیاڵی و ئاوتۆپیاییەکانیان بەکردەوە دەربێنن و لە هەقیقەتدا خۆیان لەگەڵ هەقیقەتی درووشمگەلی ئاوتۆپیاییاندا لە تەزاددان. وە ئەمەشمان هەموومان بە پێست و گۆشت و ئێسقان ئەزموون کردووە! سەرتاسەری سەدەی بیستەم، ئەم دوو دێوەزمە لەشەڕدابوون دژی یەکتر و جیهانیان دووقووتبی کردبووەوە و مرۆڤایەتییان بە گەند کێشا و شەڕ و هەژاری و ماڵوێرانییان بۆ بە خەڵات هێناوین کە تائێستاش هەر بەردەوامن! لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتای سەدەی پێشوو (١٩٨٩-١٩٨٠) نزیک بوو جیهان بەچەکی ناوەکیی یەکسەر خاپوور کەن، کاتێک منێک کەئەوکات مێرمنداڵێک بووم و ئەمڕۆ بیر لەمە دەکەمەوە، تێدەگەم ئەم دوو ئایدیۆلۆژییە چەندە نارسیست و نەخۆشن، کە لەمەڕ ئەوەی یەکیان بەسەر ئەویدیکەیاندا زاڵ بێت، چلۆن مرۆڤایەتییان بە لەجەن کێشاوە و هەر ئێستاکە سارووخە پێشکەوتووە ناوەکییەکانیان بەرانبەر یەکتر داناوە و تەنیا فەرمانی شێتانەی یەک لە سەرۆکەکانیان، یاخود هەڵەیەکی سایبێریی بەسە بۆئەوەی جیهان بەتەووەتیی خاپوورکەن و مافی حەیات لە زۆربەی مرۆڤایەتیی بستێننەوە. بۆیە ئارمانگەراکان پێیانوایە ئیتر ئەبێت ئەم هەلومەرجە ترسناکە و ئەم ئایدیۆلۆژیی و مووتڵەقگەراییانە کۆتاییان پێبێت و سەردەمییان بەسەرچووە و ئێکسپایەڕ بوون! چوون هیچیان هەقیقەت ناڵێن! ئێمەی مرۆ ڕەنگە تەنیا کاتێک دابچڵەکێین و بەم مەترسییانە بزانین، کە شەڕە ناوەکییەکەی نێوان ئەم دوو ئایدیۆلۆژییە دەسپێبکات و خۆمان لە جەرگەی شەڕێکدا ببینینەوە کە دوو ئایدیۆلۆژیی شێتانە خەریکن جیهانی پێ لەبەین ئەبەن، کە ئەوکاتە ئیتر زۆر درەنگە، یا ڕەنگە هەستیشی پێنەکەین، چوونکە پێش ئەوەی دابچڵەکێین لەناو یەکەمین کووژراوەکاندا بین!!

هەربۆیە کۆمەڵێک بیرۆکە و ئارمانی هیومانیستی و مرۆڤدۆستی، کە ئەوکاتیش هەر بوون و ئێستا خۆشبەختانە بەهێزتر و بەربڵاوترن، لەناو جەرگەی چەوساوەکانی جیهاندا سەریانهەڵداوە، کە خۆیان لە سێنتێزی هەردوو ئایدیۆلۆژییە باوەکەدا ئەبیننەوە. ئەڵبەت دژ نین، چوون هەرچی نەگبەتیی ئەم جیهانەیە لە دژبوونەوە سەریهەڵداوە و سەرهەڵدەدات، ئەمان بۆ ئاشتین، نەک بۆ دژبوون. ئەمان ئەوان ڕەت دەکەنەوە، نەک لە دژیان بووەستن! وە بەتەمان نرخی کۆمەڵگای یەکسان و نرخی تاک بەتاکی مرۆڤەکان بەکردەوە لەیەکدا تێکەڵ و ئیدغام بکەن و بیکەن بە یەک، بە بێ ئەو هەموو هاتووهاوار و شەڕ و شۆڕەی هەردوو ئایدیۆلۆژییە کۆنەکەی سەدەی بیستەم بەسەر مرۆڤایەتییاندا سەپاندبوو. دیارە لەپاڵ ئەم ئارمانە نوێ مرۆڤگەرایانەدا بیروبۆچوونگەلێکی وەکوو ئایدیای دابەشگەرایی (Distributismus ) یاخود بوودیست ئێکۆنۆمیزم ( Buddhist Economics) و هیدیکەش بوونیان هەیە کە ئەمانیش خراپ نین، بەڵام هێشتا زۆر نەناسراون!

## بۆچوونی کراوەیی و سەرئاوەڵابوون (Open-Source) و سایفرپانکەکان: پرسیاری خاوەندارێتیی تایبەتی (مالکیت خصوصی) سەرلەنوێ ئەنووسێتەوە!

ئیدەی ئۆپن سۆرس و بزووتنەوەی سایفرپانک نەفەسێکی تازەیان بە مرۆڤایەتی بەخشیوە. ئەمان لەنێوان ئایدیای لیبراڵیی تاکی ئازاد و ئایدیای سوسیالیستی کۆمەڵگای یەکسان، ڕێگاچارەیەکی دیجیتاڵیی مۆدێرن و ئەمڕۆییان هێناوەتە ناو باسەکان، بۆنموونە دەڵێن:

ئەمە وتەی ڕیچارد میتیو شتاڵمەنە کە ئەڵێت، ئێوە (خەڵکەکان) وشە (Think Free as in Free speech, not in Free beer) یا چەمکی فریی لە ئازادیی ڕادەربڕیندا بخوێننەوە نەک لە ئابجۆی خۆڕایدا. (تێبینی: لە زمانە ڕۆژئاواییەکان وشەی فریی بەواتای خۆڕایش دێت، بۆ نموونە فریی بییر، واتە ئابجۆی خۆڕایی. لە زمانی ئاڵمانیدا کە من شارەزام تیایدا کە وتت فریی بییر، واتە ئابجۆی بێ ئەلکوول. بەگشتیی مەبەست ئەمەیە کە چەمکی فریی یا ئازاد، لەلایەن نیزامەکانەوە لەوس و بێواتا نەکرێت!)

ڕیچارد شتاڵمەن بەرنامەنوسێکی ئەمریکییە کە بڕوای بە ئازادیی بەرنامەی کۆمپیوتریی هەیە پاش نووسرانی و بڵاوبوونەوەی لە ئینتێرنێت و پێیوایە یووزر ئەبێت ئازاد بێت لەبەکار هێنان و تەنانەت ئاڵووگۆڕپێکردنی ئەوبەرنامە و ئەبێ لەلایەن یاساوە هێندە ئازادی پێبدرێت کە بە کەیف و مەیلی خۆی تەرەقیشی پێبدات بەو بەرنامەی دەستی کەوتووە. ئیدەی ئۆپنسۆرسیش هەر ئەچێتەوە سەر ئەم بیروبڕوایە. بۆ ئەوانەی کە شارەزا نین، بلۆکچاین ئۆپنسۆرسە و هەمووکەس ئەتوانێت هەر حەواڵە و ترانس ئاکشنێکی ئەرزە دیجیتاڵییەکانی وەک بیتکۆین و زۆربەی ئەوانیدیکەش واتە ئاڵتکۆینەکانیش ببینێت و تەنانەت خوودی ئەو بەرنامە و کۆدانەی بلۆکچاینی پێخووڵاوە سەرئاوەڵا و کراوەیە و هەمووکەس ئەتوانێت نەک هەر حەواڵەکان، بەڵکوو بەرنامە و کوودەکانیشیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ ببینێت (بۆنموونە بیتکۆین یاخود ئێتێریۆم یا خود ئێۆس یا ترۆن و هتاد...)، بەس کەس نازانێت خاوەنەکانی

حەواڵەکان کێن، تەنیا حەواڵەکان دیارن، بۆنمونە لە فلان پابلیک کەی یا کلیلی کراوەی بیتکۆین ١٣٥٠ بیتکۆین لەکاژێر ٠٢:٣٨ خولەک و نۆزدە چرکە بۆ فلان کلیلی دیکە نێردراوە و بابڵەین ١٦٠ نۆد یا ماینێرِیش دروستی و هەقیقی بوونی ئەم بیتکۆینانە و ئەم حەواڵەیان تەئیید کردووە، کە ئەگەر یەک زەرە تەقەلووب لەکاردا بێت، هیچ نۆدێکیتر کە کۆمپیوترن و تەقەلووب نازانن، تەئیدیی ناکەن و هەم حەواڵەکە و هەم بیتکۆینەکان بەنارەسەن ناونیشان دەکرێن، بۆیە بلۆکچاین گرفتی متمانە، کە مرۆڤایەتی گیری کردووە بە دەستییەوە و بانکەکان بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتوون چارەسەر ئەکات و ئیتر بەمرووری زەمان بانکەکانیش پێویست نامێنن، کە دوواتر دێمەوە سەر ئەم باسەش، بەناوی بانکی بڕواپێکراوی خۆت بە! (دوو تێبینی: یەکەم، کاتێک دەڵەین ١٣٥٠ بیتکۆین نێردرا، بەم واتایە نییە کە بیتکۆینەکان ئەنێردرێن، نا بیتکۆینەکان لەناو بلۆکچایندان و جێیان مەحفووزە، تەنیا خاوەندارییەتییەکەیان ئەگۆڕدرێت و لە کەسێکەوە کە نێرەرە ئەدرێت بە یەکیتر کە وەرگرە! تێبینی دووهەم، ئەگەر بۆنمونە ئەو ١٣٥٠ بیتکۆینە کە حەواڵە ئەکرێت بە کرمترین نرخی ئەمرۆ کە دەور و پشتی هەر بیتکۆینێک ٤٠٠٠ دۆلارە هەڵسەنگێنین، ئەکاتە پێنج ملیۆن و چوارسەد هەزار دۆلار، سەردەمێک بوو بۆنمونە ساڵی ٢٠١٠ هەر ئەم ١٣٥٠ بیتکۆینە بە چەند دۆلار ئەکڕدرا و بەناوبانگترین کڕین و فرۆشتنی بیتکۆین لە ساڵی ٢٠١٠ بوو کە تێکنیکێرێک بەناوی لازلۆ (Laszlo Hanyec Jeremy) دوو پیتزای کڕیی بە دەهەزار بیتکۆین کە بە نرخی ٤٠٠٠ی ئەمرۆ ئەکاتە چل ملیۆن دۆلار و کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ بیتکۆین لە بیست هەزار نزیک بووەوە و نرخی تا نۆزدە هەزار و حەوسەد بەرزبووەوە کە ئەو دەهەزار بیتکۆینەی بە دوو پیتزاکە درا لەوکاتەدا ئەیکردە سەدونەوەدوحەوت میلیۆن دۆلار و ئەم ١٣٥٠ بیتکۆینەی ئێمەش کە بەنمونە هێناومانەتە ناو باسەکە، دەیکردە بیستوشەش میلیۆن و پێنسەدونەوەدوپێنج هەزار دۆلار. هاوکات مەبەستیشمە بڵێم هەموو ئەم حەواڵانە تەنیا بە چەند سێنت و کەمتر لە یەک دۆلار ڕەدوبەدەڵ دەکرێن ئەویش هەمووی لەتوێی چەند خوولەکدا، کە بڕیارە لەداهاتوودا ئەمەش نەمێنێت و حەواڵەکان بەبەلاش بکرێن و هەر ئێستاش حەواڵەکانی چەندین ئەرزی دیجیتاڵی وەک ئیۆز یا ئیاس و ترۆن و ئایۆتا و زۆری دیکەش بەخۆڕاین. لەکاتێکدا هەر ئەم حەواڵانە لەلایەن بانکێکەوە بە دەوروپشتی ١٠٪ قازانج هەزینە بۆ بانک و بە چەندین ڕۆژ و چەندەها کاغەز و کاغەزبازیی جێبەجێ دەبوو و گرفتەکانی دایرەی زەریبە یا ئیدارەی ماڵیاتیش با بمێنێت لەجێگای خۆیدا...!)

سایفرپانکەکانیش وەها بیرۆکەیەکیان پێشتر لە توێی مانیفێستۆیەکدا بڵاوکردبووەوە (Cypherpunk Manifesto). لەم مانیفێستۆیەدا ئێریک هاگز ڕۆڵ و نەخشی مافی تایبەتی تاکی مرۆڤ لە کۆمەڵگای دیجیتاڵی ئەمڕۆمان بۆ شی ئەکاتەوە. مرۆ ئەتوانێت بڵێت کە ئەم ئازادییانە، مافی پایەیی و بنەڕەتیی و سەرەتایی هەر مرۆڤێکن لە کۆمەڵگای دیجیتاڵی ئەمڕۆدا لە هەر قووژبنێکی جیهان.

## Einheiten

| Abkürzung | Aussprache | Dezimal(BTC) |
|---|---|---|
| Maximale Anzahl Bitcoins[1] | | 20,999,999.9769 |
| MBTC | megabitcoin | 1,000,000 |
| kBTC | kilobitcoin | 1,000 |
| hBTC | hectobitcoin | 100 |
| Initiale Block Vergütung | | 50 |
| Aktuelle Block Vergütung | | 25 |
| daBTC | decabitcoin | 10 |
| BTC | bitcoin | 1 |
| dBTC | decibitcoin | 0.1 |
| cBTC | centibitcoin | 0.01 |
| mBTC | millibitcoin | 0.001 |
| µBTC | microbitcoin | 0.000001 |
| | "satoshi" | 0.00000001 |

پێویستە ئەمەش بڵێم کە هەوڵ و تەقەلاکانی هەر هەموو ئەم ئارمان و دۆزە مرۆڤدۆستییە نوێیانە وەکوو: (third way economics)، (Open Source) وەیا (Cypherpunk) هێشتا نەیانتووانیبوو ئاواتەکانی تاکەکانی مرۆڤ و خوواستەکانی کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکان بەتەواویی ئیرزا بکەن تا سەروکەپەڵی ساتۆشی ناکامۆتۆ پەیدا بوو و باسەکەی کاملتر کرد و ئەڵبەت ئەم ئێڤۆلووشن و سەیری تەکامولییە هەر بەردەوامە و من زۆری پێ گەشبینم. لەپاش نۆڤێمبری ٢٠٠٨ەوە و بڵاوکرانەوەی [سپینامەی بیتکۆین](#) بە واژۆی ساتۆشی ناکامۆتۆ و ئەوجار لە ٣ی مانگی یەکی ٢٠٠٩ەوە پاش درووستبوونی یەکەمین بلۆکی بلۆکچاین، واتە بلۆکی [جێنێسیس](#) و بەکردەوە دەرهاتنی بلۆکچاین و درووستبوونی یەکەمین ٥٠ بیتکۆین، کە بەهانەی نووسینی ئەم باسە نووسراوەی منیشە، ئیتر بە دڵنیاییەوە ئەتوانم بڵێم بیتکۆین خوواست و ئارەزوو و ئاواتەلەمێژینەکانی مرۆڤدۆستە ئارمانگەراکانی یەک هەنگاوی گەورەی دیکە بردەپێشەوە، هەنگاوێک بەگەورەیی شۆڕشێک کە ئێمە ئێستا لە سەرەتاکانیدااین. بەمشێوە پوڵ یا پارە، بنەڕەتیترین کەرەستەی هێز و دەسەڵات، لەدەستی دەوڵەتمەردەکان و بانک و کارتێلەکان هێنرایە دەر و خرایەوە ناودەستی خاوەنە سەرەکییەکانی خۆی، واتە خەڵکەوە. دیارە ئەم ئیدیعایە بەشێوەی سیمبۆلیک و هەنگاویی سەرەتایی ئەم شۆڕشە مەترەح ئەکەم، دەنا کاری زۆرمان هێشتا لەپێشە! ئەوەتا ماوەیەکە لە فەرانسە بزووتنەوەی [جلیقەزەردەکان](#) خەباتێکی کردەوەییان هەر لەم ڕاستایەدا لەسەر شەقامەکان دەستپێکردووە کە جێگای فەخر و شانازیی هەموو مرۆڤایەتییە! ئای ئەگەر خەڵک بە زۆریی بە گرنگیی ئەمباسە بزانن، نرخی هەر بیتکۆینێک ئەچێتە یەک ملیۆن دۆلار و ڕەنگە زیاتریش، چوونکە بیتکۆین هەقیقیترین، زانستیترین، کەمیابترین و بێ ئیفلاسترین پووڵێکە کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بە خۆیەوەی بینیبێت، چوونکە تەنیا ٢١ میلیۆن دانە یا هەندێک دەقیقتر تەنیا ٢٠٩٩٩٩٩٩,٩٧٦٩ بیتکۆین درووست ئەکرێت و ئیتر تەواو ئەبێت...! هەر تاکە بیتکۆینێکیش بەتەنیا خۆی بەسەر ٠/٩٩٩٩٩٩٩٩ ساتۆشی بەعەلاوەی یەک ساتۆشی (٠/٠٠٠٠٠٠,٠١) ورد دەکرێتەوە، بۆ نمونە یەک بیتکۆین یەکدانە یەک و ٨ سفر لەپاش کۆمایە، واتە: (١/٠٠٠٠٠٠,٠٠)! بۆیە مەک ئافی و هەندێک کەسی دیکەش پێیانوایە هەر بیتکۆینێک تا یەک میلیۆن دۆلار نرخ پەیدا دەکات، بەمشێوە: (٠/٩٩٩٩٩٩,٩٩ ساتۆشی + ٠/٠٠٠٠٠٠,٠١ ساتۆشی، بەرانبەرە لەگەڵ ١/٠٠٠٠٠٠,٠٠ یەک

بیتکۆین) ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە هەر ساتۆشییەک (٠/٠٠٠٠٠٠,٠١) ببێتە یەک دۆلارا! جێی ئاماژەیە کە ئەمە لە ئێتریۆمدا جیاوازە، دێسیماڵی ئێتر ١٨یە، واتە هەر ئێترێک, یەکێک و ١٨سفری پاش کۆمایە! (بڕوانە وێنەی دووایی)

Die Ethereum Einheiten in Wei und Ether

| NAME DER EINHEIT | 10^X (WEI) | ANZAHL IN WEI | ANZAHL IN ETHER |
|---|---|---|---|
| Wei | 10^1 | 1 | 1.000.000.000.000.000.000 |
| Kwei / Ada / Femtoether | 10^3 | 1.000 | 1.000.000.000.000.000 |
| Mwei / Babbage / Picoether | 10^6 | 1.000.000 | 1.000.000.000.000 |
| Gwei / Shannon / Nanoether / Nano | 10^9 | 1.000.000.000 | 1.000.000.000 |
| Szabo / Microether / Micro | 10^12 | 1.000.000.000.000 | 1.000.000 |
| Finney / Milliether / Milli | 10^15 | 1.000.000.000.000.000 | 1.000 |
| Ether | 10^18 | 1.000.000.000.000.000.000 | 1 |
| Kether / Grand / Einstein | 10^21 | 1.000.000.000.000.000.000.000 | 0,001 |
| MEther | 10^24 | 1.000.000.000.000.000.000.000.000 | 0,000001 |
| GEther | 10^27 | 1.000.000.000.000.000.000.000.000.000 | 0,000000001 |
| TEther | 10^30 | 1.000.000.000.000.000.000.000.000.000.000 | 0,000000000001 |

## تۆش بیتکۆینت هەیە؟ کەواتە ئێمە هەموو پێکەوە، هەرکامە و بانکی بڕواپێکراوی خۆمانین، !"Be your own bank"

تایبەتمەندیی بیتکۆین و ئاڵتکۆینە ڕەسەن و مووعتەبەرەکانیتر (نەک ئەوانەی بۆ کڵاوبەرداریی و ڕاوڕووتی خەڵک دەکرێن) لەمەدان کە هاوسەنگیی لەنێوان هەموو سەهامدار و بەشدارەکان پێکدێنن. زۆربەی کاتەکان باس لە موتەمەرکیزبوونیی ئیستیخڕاجکردنی ئەرزە دیجیتاڵییەکان دەکرێت، کە بە دڵنیاییەوە بەشێکیشی ئەکرێت باش بێت و لەڕووی دڵسۆزییەوە ئەمباسە هێنرابێتە ئاراوە، بەڵام دوو خاڵی هەرە گرنگ لەمباسەدا لەبەرچاو ناگیرێت کە دیارە لەدرێژماوەدا بەقازانجی کەس نابێت.

**یەکەم**، ئەمەی کە ئیستەخڕە ئیستیخڕاجییەکان ( Mining Pools) شیرکەتگەلێکی یەکپارچەی عەزیم وەک کارتێلە گەورەکان نین. لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی ماینینگ پوولەکانی ئێتریۆم سەلماندی کە هەر هەموو ئەو ماینینگ پوولانەی لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و بوونیان هەیە سەربەخۆن و سەربەخۆ کاردەکەن و لەژێر کارتێکەریی هیچ دەوڵەتێکدا نین. تەنانەت ئەگەر وایدابنەین کە ئەم لێکۆڵینەوانە فۆکووسیان تەنیا لەسەر ماینینگ پوولەکانی ئێتریۆم بووە، ئەتوانین ئێمە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەمە بگووازینەوە کە: لانیکەم هێز و قوودرەتی هاشەکانی (Hash Rate) ئەم ئیستەخڕی ئیستیخڕاجانە تەنیا لەلایەن کەرەستەکانی ئیستیخڕاجی خۆییەوە، واتە تەنیا لە هی ئێتریۆمەوە، سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکوو لە سەرتاسەری جیهانەوە کەسانێک وەسڵن بەم سیستم و زنجیرە بلۆکانەوە و هێزی هاشەکانیان هەموو پێکەوە پێکهێناوە و من و تۆی خوێنەریش ئەگەر تائێستا نەمانکردووە، ئەتوانین واردی ئەم سیستەمە ببین وەک ئاوی خواردن و هیچکەس ناتوانێت ڕێگامان لێبگرێت، تەنیا ئەبێت لێزانینمان هەبێت و کەرەستە پێویستەکانیمان پێشتر کڕیبێت.ئەمەش سەربەخۆیی و ناموتەمەرکیزبوونی ئەم ماینێڕانە بەسانایی ئەسەلمێنێت و ئەیسەلمێنێت کەلەژێر دەسەڵاتی هێز یا دەوڵەت یا کارتێلێکی گەورەدا نین و دێسێنتڕاڵن. ئەڵبەت هەمووان ئەتوانن هەوڵی گەورەترکردنەوەی هێزی هاشی خۆیان بدەن و بیکەنە زیاتر لە ٥٠٪، کە ئەمەش مەترسی هێرشی ٥١٪ دێنێتە ئاراوە، بەڵام ئەوە ئێمەی خەڵکین کە نابێت بهێڵین و ئەبێ ڕێگای لێبگرین. لەمێژوودا هەردەم کەسانێک هەوڵییانداوە هەلەکان بەخێرایی بقۆزنەوە، بەڵام ئەگەر خەڵک بە گشتیی وشیارتر بن، ئەتوانن بەر بەم هەلپەرەستییانە، ئەگەر بێنە ئاراوە، بگرن! وە ئەمجۆرە نووسراوانەی منیش بڕیارە خەڵکی ئێمە وشیارتر بکەنەوە، بەومەرجەی بڵاو بکرێنەوە و بخوێندرێنەوە و تکایە ئێوەش لە بڵاوکردنەوەیاندا بەشدار بن، لەگەڵ سپاس!

**دووهەم**، ئەمەیە کە بە تەنیا ماینێڕ یا ئیستیخڕاجکارەکان حکومەت بەسەر شەبەکە بلۆکچاینییەکانەوە ناکەن. ئەی کەواتە کێ ئەمکارە دەکات و کێ کۆنتڕۆڵی ئەمانەی بەدەستەوەیە؟ ئالێرەدایە کە باسەکە خۆشتر و سەرنجڕاکێشتر ئەبێتەوە، ئاخر لە بلۆکچایندا "هێز دابەشبووە و کەس بەتەنیا بەهێز نییە، هێز لەدەست هەموواندایە". هێز لەدەست ماینێڕەکان، نۆدەکان، هاستڕەکان وەهەروەها بەرنامەنووس و پەرەپێدەرەکاندا دابەشبووە. وە هەر هەموو ئەمانە هەرکام لە جێگای خۆیاندا سەهامداران و بەشدارانێکی هەرە گرنگن لە شەبەکە و زنجیرەبلۆکی بیتکۆینیش و لەوانیتریشدا. ئەڵبەت تەنیا ئەمانە، "**بەبێ ئێمەی خەڵک**" وەک لەسەریشەوە وتم، گرنگ نابن. ئاخر بەکاربەرێکی ساکار و هاکەزاییش لەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانەدا گرنگە و ئەمیش ڕۆڵی گرنگ ئەبینێت: مرۆ ئەتوانێت لەڕووی هاڕدفۆڕک یا ئینشیعابەکانی ناو زنجیرەبلۆکەکانەوە ئەمە ببینێت. ئێمە لەمڕووەوە ئەبینین کە لەکۆتایدا هەر تاکە بەکاربەرە ساکارەکانن کە هەموو پێکەوە گرنگن و گرنگی بە هەموو باسەکەش دەدەن، هەر ئەم بەکاربەرانەن کە نرخ بە ئەرزێکی دیجیتاڵ دەدەن و لەهەرکوێ یا لەناو هەر زنجیرە بلۆکێکدا کارێکی ناشایست یا تەقەلووبێک ڕوویدات، ئەتوانێت هاڕدفۆڕکێک بێتەئاراوە و ئەوجار هەمدیسان لێرەش هەر بەکاربەرانن کە ئەتوانن دیاری بکەن کاملای ئەم دووقاشبوونە ڕەسەن و کامیان ناڕەسەن بێت و ڕووبکەنە کامیان؟! لەڕووی ئینشیعاباتی حیزبەکانی خۆمانەوە ئەتوانین لەمە بگەین، بەم جیاوازییەی کە لێرە ئیحساسات تێکەڵ باسەکە نییە، بەڵکوو تەنیا درووستی و نادرووستی لایەنەکان ئەیبڕێنێتەوە! لێرە پاش هەر هاڕدفۆڕک یا ئینشیعابێکی شەبەکە یا ئاڵووگۆڕ لە پڕۆتۆکلدا، ئێمەی یووزڕ ئەتوانین هیجرەت یا کۆچ بکەین بۆلای ئەرزێکی دیجیتاڵی دیکە، یا نەخەیر تەنانەت پاش هاڕدفۆڕکەکەش هەر بەم زنجیرەبلۆکەی ماوە وەفادار بمێنن و لەگەڵی بمێننەوە، لەهەر هەموو ئەم حاڵەتانەدا تەنیا هەر بەکاربەرانن کە ڕەوتەکان دیاری دەکەن، ئەویش بە هێزی سەرمایە داندراوەکانی خۆیان و حزووریان لەو شەبەکەدا. لەحاڵەتی دوودڵی و ناڕوونیشدا ئەوە بازاڕە کە ڕەوتەکە و

ڕەسەن و ناڕەسەنەکە دیاری دەکات، بۆیە پابەند ئەمێنین بەم درووشمە کە ئەڵێت، تۆش خاوەن بیتکۆین یا ئاڵتکۆینە ڕەسەنەکانیتریشیت، کەواتە ئێمە هەمووومان خۆمان بانکی خۆمانین و دەسمایە و دەسەڵاتمان لەدەست خۆماندا و لەدەست هەمووماندایە، هەمووومان پێکەوە و ئەمەش داهاتوویەکی بە بێ دەوڵەتە موتەمەرکیزەکان و بانکەکانمان بۆ بەدیارێی پێیە و مەعزەلی سەدەی بیستەم و شەڕە ناڕەواکانی نێوان نیزامە ئایدیۆلۆژیکییە دەسمایەدارییەکان و سوسیالیستییەکانمان بۆ لەگۆڕ دەنێت و ئاسۆیەکی ڕوونی مرۆیمان بۆ بەدیاری دێنێت!

**بیتکۆین وەکوو نمونەیەک بۆ بەهەشتێکی ئۆتۆپیایی ئازادیی و خۆبەرپرسایەتیی! (وە ئەمەش زۆر گرنگە!)**

یەکێکیتر لە تێڕوانینەکان لە دەستەواژەی "ئێمە بانکی خۆمانین" (we're our own Bank) یاخود بانکی بڕواپێکراوی خۆت بە "Be your own bank" ئەگەڕێتەوە بۆ خۆبەرپرسیارەتیی، واتە هەرکەس خۆی بەرپرسی کار و هەڵسوکەوتی خۆیەتی. هەرکەس خۆی پۆلیس و چاوەدێری خۆیەتی و **ئەمەش ئەو داواکارییەیە کە بلۆکچاین لەئێمەی هەیە** و تەنانەت مولزەممان ئەکات بە بەرپرسیارەتی. بڕوانە ئەم نمونە کە زادەی تەخەیولی منی نووسەری ئەم دێڕانەیە: لەسەر بەرزترین شاخی جیهان حەشیمەتێکی یەک ملیۆنیی هەنگ، کەندوویەکیی عەزیمییان لە هەنگوین درووستکردووە، ئەم هەنگوینە بەشی حەوت میلیارد نەفەر لە خەڵکی جیهان دەکات و خۆڕایشە، هەرکەس ئازابێت و لەسەر بەرپرسیارەتیی خۆی، جلوبەرگ و کەرەستە و لێزانینی پێویست بەکاربێنێت و هەڵەکان بقۆزێتەوە و بچێتە ئەو شاخە بە هەموو کەندوکۆسپەکانییەوە و بەشی خۆی لەم هەنگوینە بپچڕێت، تا زیاتر باشتر، بە مرور تا هەنگوینی زیاتر بکەوێتە دەست خەڵکەوە، نرخی ئەم هەنگوینەش هەتا دێت زیاتر ئەبێتەوە و ئەم چیرۆکە بەردەوام ئەبێت و تا دێت لقوپۆپی زیاتری یاسایی و تکنیکی و دژواریی و هتاد ئەکەوێتە سەر ڕێگای.....! ئەمە چیرۆکی بلۆکچاینە بە زمانی عامیی، چیرۆکێک کە زادەی تەخەیولی منی نووسەری ئەم دێڕانەیە!" کەواتە، بلۆکچاین ناوەندێکی مەرکەزیی نییە تا کەسانێکی کارمەند یا مووەزەف بەڕێوەی ببەن و کارەکانیمان بۆ بکەن، گووگڵ یا یاهوو نییە تا ڕەمزەکانمان بۆ هەڵگرێت یا لەکاتی ونبوونی کلیلە تایبەتیی یا پرایڤەیت کەیەکان و پاسوۆڕدەکان، ئەوانمان بۆ چالاک بکاتەوە، چوونکە ئەمکارە ناموومکینە و ئەمە تەنیا لەسەرشانی ئێمەی یووزەڕ و بەکاربەرە و خۆمان بەرپرسیاریی ئەمشتانەین لە جیهانی بیتکۆین و ئەرزە ڕەمزنیگاریکراوەکاندا. (دیارە لەمدووایانەدا بانکگەلێک ئیعلامییان کردووە کە ئامادەن کاروباری **"قایم هەڵگرتنی"** کلیلە تایبەتییەکان لەئەستۆ بگرن دیارە نەک بە خۆڕایی! ئەمە ئیرادیی نییە و پەیوەندیی بەکاروباری ناو بلۆکچاینەوە نەداوە، چوونکە ئەو کلیلانە ئەگەر بزر ببن، ئیتر کەس هیچی بۆناکرێت، تەنانەت ئەو بانکانەش ناتوانن ئەو کلیلانە بدۆزنەوە، مەگەر لەداهاتوودا کاتێک کۆمپیوتری کووانتۆمی درووستکرا، "ڕەنگە" ئەو بتوانێت لەڕووی کلیلە گشتیی یا عموومییەکان یا هاش-ڕاتەکانەوە، کلیلە تایبەتییەکان بدۆزێتەوە، کە ئەمەش زەمانی ئەوێت و هێشتاش دڵنیا نین کە بکرێت. هەر ئێستاکە نزیکەی چوار میلیۆن بیتکۆین هەن کە بێ خاوەنن، دەکووترێت هی دامەزرێنەری بلۆکچاین و بیتکۆین واتە ساتۆشی ناکامۆتۆن کە ساڵەهایە دەستیان لێنەدراوە، زلهێزەکانی جیهان هەموویان سوپەر کۆمپیوترەکانیان خستۆتە گەڕ بۆئەوەی لەڕووی کلیلە گشتییەکانی یا پابلیک کەیەکانیان و هاش-ڕاتەکانیانەوە دەست بەسەر ئەم بیتکۆینانەدا بگرن، بەڵام لەم دەساڵی ڕابردووەدا نەیانتوانیوە و هەموویان لە تەقەلای خۆبەخاوەنکردنی ئەم گەنجە دیجیتاڵیانەدان. ئەمە ئەیسەلمێنێت کە بلۆکچاین چەندە ئەمین و قایم و نفووزناپەزیرە، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی بلۆکچاین لامەرکەزییە!) بەم پێیە، هەر یووزێرێک ئەگەر ئەرزەکانی خۆی بۆ ئەدرەسەیکی هەڵە بنێرێت، ئیتر ناوەندێک بوونی نییە تا ئەم ئەرز و پوڵانەی بۆ بگەڕێنێتەوە و کەواتە ئەم ئەرزە ئەفەوتێت و ئەم خاوەنەی نابێتەوە بە خاوەنی، مەگەر ئەوەی کە خاوەنی ئەو ئەدرەسەی پوڵەکەی بەهەڵە بۆچووە بناسێت و ئەویش بەویستی خۆی پارەکەی بداتەوە یا هەر بینێرێتەوە سەر ئەو ئەدرەسەی لێوەی هاتووە، بەڵام لەبوواری یاساییەوە، ڕەنگە هیچ نەکرێت، چوون خاوەنی ئەو ئادرەسەی ئەرزەکانی بە هەڵە بۆچووە ڕەنگە نەزانرێت کێیە! بۆیە هەموو ئەمانە وادەکەن کە هەرکەس تەنیا خۆی بەرپرسی حەواڵ و ترانسئاکشنەکانە و هەرکەس خۆی بەرپرسی قایم هەڵگرتنی کلیلە تایبەتی و خسووسییەکانی خۆیەتی، چوونکە لەم جیهانە ڕەمزنیگارییەدا تەنیا ئەوکەسە خاوەنی ئەو ئەدرەسە و ئەوکیفە پووڵە دیجیتاڵی یا والێت و ئەو پوڵانەی ناوییەتی، کە خاوەنی پابلیک کەیەکان یا کلیلە تایبەتییەکەی ئەو والێتە یا ئەو والێتانە بێت!

بەبڕوای من ئەمە هەڵە یا ئیرادی ئەم تێکنۆلۆژییە نییە، بەپێچەوانە ئەمە کارکردەکەیەتی کە جووانیی و کاراییی بەم تکنیکە ئەبەخشێت. زۆرجار گلەیی و شکایەت دێتە ئاراوە، کە دەکووترێت گوایە بیتکۆین فرە ئاڵۆزە! ئەوەی بۆ من لەم تێکنۆلۆژییە نوێیەدا بە تایبەت سەرنجڕاکێشە، ئەمەیە کە بیتکۆین هەر یووزڕ و بەکاربەرێک بە ئاستیی بلووغبوون لە بەکارهێنانی ئینترنێت ئەگەیەنێت. وە بەڵێ لایەنی دژواری ئازادیی نەک هەر لە بیتکۆین بەڵکوو لە واقعیشدا ئەمەیە کە، متمانەبەخۆبوونێکی ئێجگار بەرز و هاوکات خۆبەرپرسیارەتییەک و مەسئوولییەتپەزیرییەکی باڵا بە هەمووان ئەبەخشێت. مرۆ ئەگەر ئەیەوێت پۆلیس بوونی نەبێت، کەواتە ئەبێت هەموو تەعەهودیش بدەن کە کەس دزی و کاری ناڕەوا ناکات، کە ئەمە ئەچێتە بەشی ئەخلاقی کۆمەڵایەتییەوە، واتە هەموو خۆیان پۆلیس و چاوەدێری خۆیان بن. ئەم خۆبەرپرسیارەتییە باڵایە کە لە بیتکۆین و بلۆکچایندا فۆڕم و جووانی و کارئامەدیی بە باسەکە ئەبەخشێت. وێڕای ئەوەی کە هەر بلۆکچاین خۆی، گرفتی گەورەی ئینسانیی "متمانەکردن"یش چارەسەر دەکات! ئیتر پێویست ناکات من متمانە بە کەسێک بکەم یا نەیکەم، چوونکە لە بلۆکچایندا هیچکەس ناتوانێت تەقەلووب بکات، واتە سیستمەکە ڕێگا بە گەندەڵی و فەسادی ماڵی و ئیداریی نادات و بەشێکیتر لە جوانییەکانی بلۆکچاینیش هەر لەمەدایە! وێڕای ئەوەی کە وانەی خۆبەرپرسیارەتیمان لە ئاستێکی بەرزدا پێدەدات. لەپەراوێزدا ئەتوانم بڵێم: "من ئەمە لە خۆمدا هەستپێدەکەم، کە سەرقاڵبوونی ڕۆژانەم بە تێکنۆلۆژی بلۆکچاین، کارتێکەریی لەسەر چۆنییەتی هەڵسوکەوتم لەگەڵ ئەسکەناسیش داناوە و هاوکات تووشی بیرکردنەوە

و تێڕوانینەوەی لە ڕابردوو کردم، تووشی لێپرسینەوەی لە هەندێککەسی کردم، کە دیتم لەئاست کارگەلێکدا کە کردبوویان هیچجۆرە بەرپرسیارەتییەکیان نەخستبووە سەرشانی خۆیان و بەپێچەوانە من ببوومە قەیووم، وە بەرپرسیارەتیی مادیی و مانەوی و تەنانەت یاسایی کارەکانی ئەوانم لەئەستۆ گرتبوو و ئەمەش لەئەساسدا باش نەبوو، من هەم کاتم بەفیڕۆچووبوو، هەم بەبەلاش کارم بۆکردبوون و تەنانەت لەبرواری مادیشەوە تووش زیانیان کردبووم و هەمیش ئیعتیباری یاسایم خەدشەی پێوارید ببوو و لەمەوردێکیاندا تەنانەت تووشی زیانی جەستەیش ببووم، بەپێچەوانە ئەوان لەهەموو بووارێکەوە مەسوون مابوون و لەئەساسدا تەنیا من قووربانی ببووم، واتە خۆم بەدەستی خۆم بەهۆی تێکەڵکردنی ئیحساسات، یا ڕەنگە غورور، خۆمم قووربانی کردبوو. تەرەفەکانیترم کە من خۆم کردبووە چەتری حیفازەتییان هیچ خەسارێکیان نەدیبوو و تەنیا قازانجییان کردبوو و لەولاوە بە ڕیشیشم پێکەنیبوون (ئیستیعارییە)!! بۆیە یەخەی هەندێکیانم گرتەوە و تەسوییە حیسابم لەگەڵ کردن، کە دیارە بوو بەهۆی دڵ ئێشانیش و ئەوان جەسارەتییان نەبوو وەک مەرد و مەردانە لەئاست کارەکانیاندا بووەستن و تەنانەت پاداشتی لەخۆبووردییەکانی چەندین ساڵەی من بۆئەوان بدەنەوە و کەوتنە ناونووتکە نانەوە، کە دیارە ئەمە ئیشی خەڵکی ناحەساوە! ئەگەر مەنتقی لەباسەکە بڕوانن و ڕجووعێک بکەنەوە بە دڵ و دەروونی خۆیان و ویجدانیان حاکم کەن، بۆ ئەوەی خۆشیان ئاسوودە بن، نەدەبوو و نابێت دڵیان بێشێت و منیش لەداهاتوودا ئیتر ڕەفتارم ئەگۆڕم لەگەڵیان و مەنتقی زیاتر ئەخەمە جێگای ئیحساسات، وە ئەمە لە قازانجی هەموومانە! ئەڵبەت تەسوییە حەساو لەگەڵ چەند کەسێکیدیکەش ماوە کە بکرێت، ئەوانەی پێیانوایە گوورزی خۆیان وەشاندووە و ئیتر وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون، هێشتا ماویانە و خەبات درێژەی هەیە....!"

**بیتکۆین یەکەمین ئەشق بە ئەرزی ڕەمزنیگاریکراو – یەکەمین خۆشەویستەکەت لەیاد مەکە!**

من چ ئاواتێک بۆ بیتکۆین لە دەساڵی داهاتوودا ئەخوازم؟ ئەمە ڕێگاخۆش ئەکات وەکوو ئایەتێکی ئینجیلی لەمباسە بڕوانم، "تۆ یەکەمین خۆشەویستەکەت لەیاد کردووە!" هەموومان ئەزانین کە یەکەمین ئەرزی ڕەمزنیگاریکراو کە هاتە جیهانی مەجازییەوە بیتکۆین بوو. وە بیتکۆینیش بەم ئامانجەوە دەستیپێکرد کە ئەرزێکی (Peer-to-Peer) واتە هاوتا بە هاوتا بێت. بۆ ئەو خۆشەویستانەی نازانن مەبەست لە هاوتا بەهاوتا چییە، تکایە با سپینامەکەی بخوێننەوە ، هیوادارم بتوانن زانیاریی پێویستی لێوەربگرن وەک سەرەتایەک بۆ ناسین!

ئەگەر ئێمە چاوێک لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی پەیدابوونی بیتکۆین بکەینەوە، بووعدێکی هەقیقی و گرنگی هاوتا بە هاوتایی ئەم ئەرزە ڕەمزنیگاریکراوە ئەبینین (کە دیارە من ئەوکات زۆربەداخەوە هێشتا بیتکۆینم نەناسیبوو و پاشان کە ناویم بیستەوە، وەک زۆرکەسی عەوامی دیکەش بەبێ ئەوەی بیناسم مەحکوومم کرد، چوون تەبلیغاتی دەوڵەتەکان و بانکەکان لەدژیی زۆر بەهێزە، تا ئەوەی کە بەڕاستیی چوومە پای خوێندنەوە و ناسینی و چاو و دڵ و دەروونمی بەیەکجاریی ڕوون کردەوە!). ئەمەش تەنیا بەو واتایە نییە کە یووزێڕ یا بەکاربەرێک تەنیا بتوانێت پیتزایەک یا هەرشتێکی دیکە بە بیتکۆین بکڕێت، بەڵکوو ئەم یووزێڕە ئەشتوانێت هاوکات ماینێڕێک، نۆدێک وەیا هاستڕێکی بیتکۆینیش بێت، کە ئێمە ئەمە لە ئەسکەناسدا ئەسڵەن نابینین. لە فوونکشنی ئەسکەناس یا پوڵی کاغەزیدا دەوڵەت خاوەن و پارێزەر و هەمووکارەیە و بانک دابەشکار و ئیدارەکاریەتی و یووزێڕ وەیا میللەت تەنیا ئەبێت پەیدای بکەن، بەکار یا بازرگانی یا ئیرس و میرات و هتاد. لە جیهانی بیتکۆیندا میللەت ئەتوانن هەمووکارە بن وەیا هەر هیچ نەبێت ئەتوانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەرەپێدەرانی و تەوسەعەدەهەندەگانی لە پەیوەندیدا بن، وەیا ئەگەر شارەزاییان لەم تێکنۆلۆژییەدا هەبێت خۆشیان بەشێک بن لەم پەرەپێدەرانە و لەمبووارانەدا هیچ بەرگریی و سانسۆڕێک لە جیهانی بیتکۆین و ئەرزە دیجیتاڵییە ڕەسەنەکانی دیکەشدا بوونیان نییە و تا ئاستێکی زۆر سەربەخۆ و ئۆپنسۆڕس یا سەرئاوەڵا و هەمەگیرن، ناوەندێکی خاوەندار بوونی نییە بەڵکوو ڕاستەوخۆ، هاوتابەهاوتا یا پێڕ توو پێڕ، لە منەوە بۆ هەمووکەس و لەهەمووکەسەوە بۆ من ئەتوانرێت بە خێراترین کات و کەمترین هەزینە یا لە هەندێکیاندا بە بەلاش ڕەدوبەدەڵ بکرێن. چوونکە هەر تاکە بەکاربەرێکی بیتکۆین هاوکات ئەشتوانێت گشت سیستمەکە و زنجیرەبلۆکەکان لەسەر کۆمپیوترە تایبەتییەکەی خۆی دابەزێنێت و ئەویش یەک لە چاودێرانی بێت، حەواڵە و تڕانس ئاکشنەکان بەپێی درووستی و غەڵەتبوونیان تەئید یا ڕەت بکاتەوە، ئەویش هەوڵی دۆزینەوەی بلۆکی بەعدیی بدات واتە ماینینگ بکات و بەشی خۆی لەم هەنگوینە بچڕێت. دیارە ئەشتوانێت ئەمکارانەش نەکات و تەنیا بیتکۆین بکڕێت و هەڵیگرێت یا هەر نەیکڕێت و وازی لێبێنێت، بڕیار تەنیا لەدەست خۆیدایە و هەموو بەکاربەرێکی بیتکۆین ئەتوانێت بانکی بیتکۆینی خۆی و هی هەموو بەکاربەرانی دیکەی ئەم بلۆکچاینەش و بلۆکچاینە موازییەکانی دیکەش وەک مۆنیڕۆ و داش و زێدکاش و ئێتر و تڕۆن و ئیۆس و غەیرەش بێت. ئەمانەن کە ئەم سیستم و تێکنۆلۆژییە، واتە بلۆکچاین دێسێنتراڵە دەکەن و باشی و جووانی و کارایی تێکنۆلۆژییەکەش هەر لەم تایبەتمەندییە بێوێنانەدایە، کە پێشتر مرۆڤایەتی شتیوای بەخۆیەوە نەبینیوە و ئەم شۆڕشی نۆڤێمبرە نوێیەش کە لە نۆڤێمبری ٢٠٠٨وە لەڕووی نەزەرییەوە سەریهەڵداوە و لە سەرەتای سەریساڵی ٢٠٠٩ لە ڕۆژی ٣ی یەکەوە بە کردەوەش هاتۆتە جیهانی مەجازییەوە پیرۆزی هەموو مرۆڤایەتیی بێت!

دیارە هیچ شتێکیش تەواو و کەماڵ و بێ ڕەخنە نییە و نەوبادیی ئیز پێرفێکت، ئەگەرچی هەندێککەس وردبینترن و باسی مەرکەزیبوونی ماینێرەکان دەکەن و هەندێکجار دراماتیزەشی دەکەن، بەڵام بەوجۆرەی کە نیشاندەدرێت نییە، ئەگەرچی ئەتوانرێت وەک گرفتێک ببیندرێت کە بوونی هەیە و پاشانیش هەوڵی چارەسەریی بدرێت.

**یەکم**، ئایا ماینێرە گەورەکانی بیتکۆین ڕۆژێک تووشی هەڵەیەکی تکنیکی یا مرۆیی یا تەنانەت تووشی هێرشی ٥١٪یمان ناکەن؟

**دووهەم**، ئایا ئەو نۆدەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە والێت یا کیفە پوڵە دیجیتاڵییەکەی منەوە هەیە، کارەکانی خۆی بە باشی و درووستی و پاکی بەڕێوە ئەبات؟

**سێهەم**، کەی و چ کاتێک ماینێرێک حەواڵەکەی من پاش ناردنی لەلایەن منەوە، تەئید دەکات؟

وەک ئەزانین بیتکۆین یەکەم هەنگاو و سەرهەڵدانی بلۆکچاینە، کەواتە هیچ پەدیدەیەکی نوێ بێ کەموکووڕیی نییە، تۆ سەیری یەکەمین ماشینی جیهان کە شیرکەتی دایملێری ئاڵمان لە ساڵی ١٨٨٦ واتە ١٣٢ ساڵ لەمەوبەر دایەدەرەوە بکە، ئایا هیچ کەموکووڕیی نەبوو؟ دەی وەرە ئێستا سەیری بێنزی مۆدێل ٢٠١٩ی هەر ئەو شیرکەتە بکە، ئایا هەر لەو ئاوتۆمبیلەی ئەوکات دەچێت؟ یا نەخێر سەیری تێسلای مۆدێل ٣ بکە کە پێشکەوتووترین هایبریدە بە بەهێزترین ئاکوو یا پاترییەوە! یا هەر لە بوواری خۆیەوە، سەیری ئینتێرنێتی سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ بکە و ئێستای پاش ٢٩ ساڵەی ئینتێرنێت ببینە، ئایا هەر یەکن؟ ئێستا تازە بلۆکچاینیش هاتۆتە یارمەتییەوە و تەکامولی پێداوە! کەواتە ڕێگاکان دانەخراون، ئەگەرچی بانکەکان و دەوڵەتەکان و سیستمەکانیان بە چەپ و ڕاستیانەوە خەریکی بەرد خستنە سەر ڕێگای بلۆکچاینن، بەڵام مرۆڤ ژیر و هەندێکیش لە دەوڵەتە بەدەربەستەکانیش، پتانسیەلی بلۆکچاینیان بەباشی ناسیوە و ڕێگای پەرەپێدانی هەر ئەدۆزنەوە! بۆنموونە هەر لەڕاستای چاکسازیدا، با چاوێک لە گەورەترین ئینشیعابەکەی ئەو واتە بیتکۆین-کەش (BCH) بکەین. بە پێچەوانەی بیتکۆین، بیتکۆین-کەش بۆنموونە خاوەن تەنەوع و تێکەڵاوییەکە لەناو کلییەنت و بەکاربەرانی خۆیدا. وە ئەمەش نیشانی دەدات کە لە بیتکۆین-کەشدا متمانە لەمەڕ بەڕێوەبردنی پرۆتۆکولەکان تەنیا لەدەست یەک تیمدا نییە و ئەمەش بەر بە مەرکزیبوونی ئەگرێت. لەبابەت فوول نۆد یا نۆدی تەواویشەوە، ڕاسپی بلیتز (Raspiblitz ) و کازا لایتنینگ نۆد (Casa Lightning Node) کارەکانی خۆیان تا ئێستا بە ڕێکوپێکی و وەستایانە بەڕێوە بردووە. ئەوەندەشی بۆ ماینێرەکانی بیتکۆین کەش ئەگەڕێتەوە، ئەمانە لە سیستمی کلاسیکی هاوتاپەهاوتا تێپەڕیون. لە بیتکۆینیشدا پێشنیازی لایتنینگ هاتۆتە ئاراوە، کە قابیلی تەحسینە و ئەتوانێ ڕێگاچارەی گرفتی "مەرکزیبوونی ماینینگەکان" بێت، جارێکە زۆر شت لەبارەیەوە نازانرێت تا جوانتر ئەزموون نەکرێت، چوونکە لە نیهایەتدا حەلوفەسڵی کۆتایی حیسابوکیتابەکان هەر بە شەبەکەی لایتنینگ لەناو زنجیرەبلۆکەکاندا ئەنجام ئەدرێت. هاوکات ڕێگاگەلێک لەمەڕ دیسێنترالکردنی کارکرد و سەلماندنی کارکرد یا هەمان پرووف ئاف وۆرکیش بوونیان هەیە، بەڵام ئایا ئەمانە بەڕاستیش قابیلی بەکارهێنانن و ئایا بتوانرێت کەڵکیان لێوەربگیرێت، جارێکە تاقی نەکراونەتەوە و پێویستە نیشانبدرێن و بسەلمێندرێن! وەک پێشتر وتم، مرۆڤایەتی هێشتا لەهەنگاوە سەرەتاییەکانی بلۆکچایندایە و داهاتوو تازە ئێستا دەستپێکردووە!

**با تاقە ئامانجەکەی بیتکۆین لەبەرچاو ون نەکەین**

گرفتێکی دیکە ئەمەیە، بە گوومانی من، ئەغڵەب فوکوس ئەخرێتە سەر بابەتە حاشیەیەکان، یەک لەم باسانە دژوواریی بەکارهێنانی بیتکۆینە. ئەکووترێت: پەرەپێدەرانی بیتکۆین ئەبێ بەکارهێنانی بیتکۆین ساکارتر بکەنەوە، کە ئەبێ ئەپلیکەیشنەکان یاهەمان بەرنامەی بەکارهێنانیان و والێتەکانیان و هتد ساکارتر بن و زۆر پرسیاری دیکەی لەم چەشنە. دیارە ئەم پرسیار و ڕەخنانە نەک هەر خراپ نین، بەڵکوو پێویستیش بەڵام ئەتوانن لە تێگەیشتنی سەرەکی و هەقیقی لە بیتکۆین دوورمان بخەنەوە یاخود بەلاڕێمان بەرن و ئامانجمان لێ ون کەن!

ئێمە ئەزانین کە زیاتر لە نیوەی هەموو ئەوانەی ماشینیان هەیە و ماشین لێدەخوڕن، نازانن سیستم و تکنیکی ئەم ماشینەی ژێرپێیان چۆنە و چۆن کاردەکات، ئەوان هەر یاسای هاتووچۆ دەناسن و فێری لێخووڕینەکەی بوون. هەر بەم هۆیەشە کە نیوەی زیاتری ئەم لێخووڕانە ناتوانن بڵێن، "Be your own car company" کۆمپانی ماشینسازی خۆت بە! بۆیە هەموو ئەمانە ناچارن متمانە بە میکانیکەکان و سەندیکای چاوەدێرانی تکنیکی لە ئوروپا و جیهان و لە وڵاتانی پێشکەوتووی کەرەستەسازیی (TÜV) بکەن! ئەم دەستەواژە ئاڵمانییە (Technischer Überwachungs-Verein و بە کورتیی TÜV) و بێجگە لەمە ڕێگای دیکەیان نییە. ئەمەش ئێمە ناچار بە قەبووڵی ناوەندگەرایی و سێنترالیزمی ئەم تکنیکە دەکات. بەڵام ئێکۆسیستمی بلۆکچاین و زاتی ئەو، مەرکەزییەت هەڵناگرێت، دەنا هەموو تێکنۆلۆژییەکە هەر لە سەرەتاوە فەشەل دەبوو و بەوواتایەکیتر ئەگەر بلۆکچاین ناوەندگەرا یا سێنتراڵ بوویایە، ئیتر ئەم هەموو ناوناوبانگەشی نەدەبوو و وەک تێکنۆلۆژییەکی ئاسایی چاوی لێدەکرا. بۆیە هەم بلۆکچاین ئەبێت وەکخۆی بمێنێت واتە دیسێنتراڵ بێت و هەمیش ئێمەی بەکاربەرانی ئەبێت ئەم بڕوابەخۆبوونە و خۆبەرپرسیارەتییانە لەخۆماندا بەهێزتر بکەین. ئێمانوێل کانت فەیلەسووفی ئاڵمانی ئیستلاحێکی لاتینی جوان و بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: "Sapere Aude" واتە جورئەتت هەبێت لەوەی کە بتوانیت تەنیا کەڵک لە زەین و ئەقڵی خۆت وەربگریت، یا بە واتایەکیتر: بڕیار بدە زانا و تێگەیشتوو بیت، نەک خوڵ و وڵ!! من ئەمەشی پێزیاد دەکەم و دەبێژم، بڕیار بدە سەربەخۆ و سەربەخۆیخواز بیت، وە ئەمەش نەک هەر بە درووشم، بەڵکوو بیکە بە زاتی خۆت!

بابەتێکی دیکە کە پێویستە سەرنجی زۆری پێبدرێت، کارئامەدیی یا هەمان ئێفیتسیەنسە! بۆنموونە ئەمڕۆکە ئێمە ئەبینین کە بە ڕوواڵەت بۆنموونە کارتی ئیعتیباری ڤیزا، واتە ڤیزاکارت لە چرکەدا ئەتوانێت حەواڵە و ترانسئەکشنی زیاتر ڕەدوبەدڵ بکات تا بۆنموونە بیتکۆین، ئەمەش ئەگەرچی لە ئارگوومێنتێکی باش و قابیلی قەبووڵ ئەچێت، بەڵام لەڕاستیدا هەڵسەنگاندنێکی زۆر هەڵە و نابەجێیە. ڤیزا ئیدیعا ئەکات کە سیستمێکی خەرجکردنە. ئەو پوڵێک خەرجدەکات کە لە واقعدا بوونی نییە و تەنیا ژمارە مەجازییەکان، سفر و یەک و

ئەوانیتریش ڕەدوبەدەڵ دەکات لەناو سیستمێکدا، ئەوەی ڤیزا دەیکات قەرزدانە لەم بۆ ئەو و لەو بۆ ئەم، کارە واقعییەکان، واتە ئاڵووگۆڕپێکردنی پووڵەکان دوواتر بە شێنەیی لەپشت پەردەوە دەکرێن، کە موشتەرییەکان و بەکاربەرانی ڤیزاکارت هەستی پێناکەین. کەواتە لەڕاستیدا کاروبارەکانی ڤیزاکارت زۆر لە بیتکۆین خاوتر و بگرە زۆر زۆر زۆریش گرانتر ئەکەوێت لەسەر خاوەن ڤیزا کارت، چوونکە حەواڵەیەکی بیتکۆین، هەر چەند بیتکۆینیش بێت گرنگ نییە، بەکەمتر لە یەک دۆلار و لە چەندین چرکە تا یەک خوولەکدا ئەکرێت و لە چەند خوولەکیشدا تەئید ئەکرێت و ئەچێتە پەی کاری، لەکاتێکدا ئەمانە بە ڤیزاکارت زۆر گرانن و ئەگەرچی کاری ئێمە خێرا بەڕێوە دەچێت، چوونکە پارەی زیاتر دەدەین، بەڵام کارە ڕاستەقینەکان لە پشت پەردەوە زۆر زیاتریان پێدەچێت. من کاتێک لێرە شتێک بە کارتی بانکییەکەم ئەکرم، جاری وابووە پاش ٣ ڕۆژ ئەم کەمبوونەوەی پارە لەسەر حیسابەکەم نووسراوە، واتە پارەکە ڕاستەوخۆ لەسەر کۆنتۆکەم کەم نەکراوەتەوە، بەڵام لە بیتکۆین و ئەوانیدیکەشدا ئەم ئاڵووگۆڕە ڕاستەوخۆ ڕوودەدات. وەک لە سەریشەوە وترا، کاتێک من شتێک بە بیتکۆین ئەکرم، بابڵەین ئەکاتە ٥٠٠ هەزار ساتۆشی یا نیو بیتکۆین، ئەم ساتۆشیانە لە جێگای خۆیان نابزوێن و هەر لە بلۆکچایندا و لەناو بلۆکەکانی خۆیاندا ئەمێننەوە، تەنیا خاوەنەکانیان ئەگۆڕێن، واتە من ئێستا خاوەنی ٥٠٠ هەزار ساتۆشی کەمترم و با بڵەین کاک کاروانی دووکاندار خاوەنی نوێی ئەم ٥٠٠ هەزار ساتۆشییەیە کە من بۆمناردووە، وە ئیتر پاش تەئیدی درووستیی ئەم حەواڵە، ئیتر هیچ هێزێک ناتوانێت ئەم بەخاوەنبوونەی لێوەرگرێتەوە، مەگەر بۆخۆی خاوەن کلیلە تایبەتییەکەی (Private Key) ئەوکلیلە گشتییە (Public Key) نەبێت کە نیو بیتکۆینەکەی چۆتە سەر، لەم حاڵەتەدا کەسی دیکەش نابێتە خاوەنی و ئەم نیو بیتکۆینە لە ڕاستیدا ئەفەوتێت، کە ئەم حاڵەتە بەدەگمەن ڕوودەدات!!

فۆکووس و تەرکیزکردنە سەر کارئامەدیی، هەروەک پێشتر مەعزەل و مەبحەسی میقیاس پەزیریش (scalability) نیشانی دابووین، بەرەو ڕەتکردنەوە و چاوپۆشیکردن لە نامەرکەزییەت و دێسێنترالیزمی ئەرز ڕەمزنیگاریکراوەکانمان دەبات. ئێستا ئەزانین کە بیتکۆین کەش (Bitcoin Cash) و بیتکۆین کەش ڤێرژنی ساتۆشی (Bitcoin Cash SV) بە گەورەتر کردنەوەی بلۆکەکانیان، ئەم مەعزەلی سکاڵابیلیتییەش چارەسەر دەکەن و خێرایی و زۆریی ترانسئەکشنەکانیان لەگەڵ ڤیزا بە ئاستێکی هاوسەنگ و بەرانبەر ئەگەیەنن، کە دیارە ئەمەش بەرەو ئەم مەترسییەمان ئەبات کە هەم ماینێرەکان و هەمیش هاستینگەکان بکەونە دەست دەستانێکی سنووردارکراو و کەمەوە و ئەمەش هەر ئەو واتای جارانی سێنتراڵەبوونەمان بۆ تەداعی دەکاتەوە کە لە مێژە بەتەماین لەدەستی ڕزگارمان ببێت!

ئێستا ئیتر بەم ئاکامە ئەگەین کە: دێسێنتراڵەبوون و دێسێنتراڵە مانەوەی بیتکۆین، نەک هەر لەسەر دڵم دادەنێم، بەڵکوو ئەشزانم کە نرخ و بەهای هەقیقیی بلۆکچاین و تایبەتیی بوون و نایاب بوونەکەشی هەر لەم نامەرکەزی بوونەیدایە. کەواتە ئاوتۆنۆمیی و سەربەستیی زیاتر چاکوایە درووشمی سەرەکی ئێمە هۆگرانی بلۆکچاین بە گشتیی و بیتکۆین بەتایبەتیی لە دەساڵی داهاتووشدا بێت و خاوۆی بیتکۆین نەبێتە هۆی دۆڕاندنی، کە لە ڕاستیشدا خاو نییە. ئەوجار ئێمەی بەکاربەران جارێکە تا ئەم وردەکێشانەش چارەسەر ئەبن، مەجبوور نین لە بیتکۆین بۆ کڕینی قاوە و ناشتا لە قاوەخانەکان کەڵکوەربگرین، بۆ ئەم مەبەستە ئەرزی دیکە زۆرن کە خێراتریشن و ترانس ئاکشنەکانیشیان تەنانەت خۆڕایین، بەڵکوو ئێستا فیعلەن با بیتکۆین وەک "زێڕێکی دیجیتاڵی زانستیی" هەڵبگرین و لە ئیفلاسیۆنی پارە خۆمان ڕزگار کەین، تا ڕێگاچارەی ئەساسیش ئەدۆزرێنەوە لە داهاتوودا...!

بژیی ئاسۆی ڕوونی بلۆکچاین!

**سەرچاوەکان:**


- کتێبی بلۆکچاینی ٢، لە نووسینی دوکتۆر ژولیان هاسپ
- کتێبی بیتکۆین کورت & باش، لە نووسینی یۆرگ پلاتزێڕ
- ئینترنێت
- سپینامەی بیتکۆین
- وتارگەلێکی زۆر و بۆری ئینترنێتی لەمبووارانەدا
- یوتیوب